ڤیستیڤاڵی نەودەوڵەتی فیلمی سلێمانی ... شاهێ عارف

ناوی گەورە و شاری وێران!

ڤیستیڤاڵ سینەمایێکان لەسەر چەندین ئاست خزمەتی گەورە بە فیلم دەکەن و بەشکی دانبەداوی فەزای سینەمایین. ڤیستیڤاڵ ئێشت ببەت بە یەکەمین هەوبەری بەرکەوتنی فیلم و بینەرکانی، ئێشت سەرتایەک بەت بە کەکردنەوەی سەرنج لەسەر فیلمکان و دەزینەوەی بازاڕ و گەورەکردنیان. ڤیستیڤاڵ ئێشت هونەرمەندکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە، ئێشت بە هەندکیان بە تایبەت تازەکارکان پاڵنەر و هاندەرکی گەورەبەت. ڤیستیڤاڵ ئێشت بزوێنەری ئابوری شار و وڵاتێک بەت. دواجار ڤیستیڤاڵ حوکمێکی کاتی و جوزئیە بەسەر فیلمدا.

ڤیستیڤاڵکانی فیلم ئەمە لە زەر شار و وڵاتی دونیادا هەن، تەنانەت هەندک شار زیاتر لە ڤیستیڤاڵکی فیلمی هەیە. سازدانی ڤیستیڤاڵ سەرباری لایەنە پۆزەتیڤەکانی بە نیسبەت فیلمەوە، چەندین دیوی تاریک و زیان بەخشی هەیە. بە نموونە بوونە وەسیلەیەک بە حکومەدان بەسەر باش و خراپی فیلمدا. بگومان هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی باش و خراپی فیلم پرسەیکی ئاڵۆز و تەومژاویە. ئاسان نیە بزانین بەچی سینەمای ئەزە و بریسەن لە پاش مەرگیانەوە دەست پەدەکەن؟ بەچی فیلمکانی گەداری بیرمەند و فیلمسازی گەورەی فەرەنسی براوەی یەکەمی هیچ ڤیستیڤاڵک نین؟ ناکرێت باوەڕ بە پەوەری ڤیستیڤاڵ بکەین وەکو داوەرک بەسەر فیلمەوە.

جگە لەوەیش، زەرجار ڤیستیڤاڵکان دەست بەسەر بیرکردنەوەی دەرهێنەرکاندا دەگرن و خەڵات دەدەنە ئەو جۆرە فیلمانەی کە مەبەستیانە، ئەمەیش وا دەکات فیلمکان بە ئاڕاستەی پەوەرکانی ئەو ڤیستیڤاڵانەدا بەوات. وەکو هەندک لە کوردستان لەم ساڵانەی دوایدا فیلم لەبارەی هەڵەبجە و داعش و فەندەمێنتاڵیزمی دینی و مەسەلە خوازراوەکانەوە دروست دەکەن بەبە ئەوەی هێژمەك لە ژیانیاندا بەرکەوتنکی واقیعی و فیکریان لەگەڵ ئەم بابەتانە هەبوبەت. لەگەڵ ئەمانەیشدا زەرجار ڤیستیڤاڵکان ئامانجی بزنس و بازرگانیکردن دەخەنە پێش زەرورەتی هونەریەوە. لەوانەیشە هەندک ڤیستیڤاڵ وەکو ڤیستیڤاڵی نەودەوڵەتی فیلمی سلێمانی هەڵەندی سیاسی

و شێوە زمان و خەیاڵی بەرگری لە شاری هۆشنبیری سازاندبێتی.

بەبەچوونی من ڤیستیڤاڵی فیلم ئۆکاتێ مانای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت کە خەکرد بێت. واتە هەوتی گۆشە و بەرەوپێشچوونی کلتوری سینەما داوای بکات و بیخوازێت نزیک وەسیلە بێت بۆ ئامانجی تر! ئایا ئەم ڤیستیڤاڵە نەودەوەتیە لە هەلومەرج و قۆیرانێکی ئاوادا چ زەرورەتێک دروستی کردووە؟ ئایا بەڕاستی کلتوری سینەمایی لە کوردستان گەیشتێتە ئەو ئاستەی بۆنی نەودەوەتی بخولقێنێت؟ ئایا ئەم هەڵبژاردە چ خزمەتێکی فیعلی بە فەزای سینەمایی سلێمانی دەکات؟ ئایا مەعریفەی سینەماکار و نوسەر و هەڵسەنگاندنی سینەمای لە ئاستی دونیادا هەبێت؟ مرۆڤ توشی ڕاچڵەکین ئەبێت کە بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکاتەوە. وەک چۆن هەموو کایەکانی تر ئیفلیج و پەککەوتۆن و باند و گروپی مافیا ئێبات بەسەوە، کایەی سینەمایش لەوە بەدەر نییە.

ئەم شارە کە خاوەن ئەم پاڵە سینەماکار و هەڵسەنگێنەر و جوری فیلمەیە بۆچی چوار کتێبی باشمان لەبارەی سینەماوە نییە؟ بۆچی هەوتێک، گۆڤارێک، لانی کەم یانەیەکی سینەمایمان نییە؟ بۆچی ئەم پارە زەبەلاحە لە دروستکردنی هۆڵی سینەمادا سەرف ناکرێت؟ بۆچی ئەم سەرمایە ناخرێتە خزمەت دروستکردنی فیلمەوە؟ یان یارمەتی گروپێک گەنجی پێنادرێت کە دەیانەوێت فیلم دروست بکەن؟ وەڵامەکە ئاسانە؛ ئەوەی ئەمڕۆ حیزب و کەمپانیاکانی حیزب ئەیانەوێت ئەم گوتار و بیرکردنەوە ڕیشەیی و بونیادیە نییە، ئەوان خەیان بە کەشکان و ئایکۆنکان سەرقاڵدەکەن کە ئەچنە خزمەت ستراتیژی حیزبەوە.

ئەوانەی دوێنێ خەریکی دەرکردنی یاسابوون بە سینەما و ئەمڕۆ خەریکی کەسابەتی ڤیستیڤاڵن، خەیان پێناسەی خەیان دەکەن. ئەوان ناتوانن بیر لە بناغە و بنچینەکانی کلتوری سینەما بکەنەوە و هیچیان بە ئەو مەبەستە لەدەست نایەت. ئەوان بە بەوانامەی قسەوە توانای ئەوەیان نییە مژووی فیلم و کاری سینەمایی ئەم ناوچەیە بخوێننەوە و تیۆریزەی بکەن. ئەوان ناتوانن کتێبێک، وتارێک تەنانەت ڕیڤیوێک دەربارەی فیلمێک بنوسن. ئەوان پاوانی شاشەکان و بینەری فیلمی تاڵەفیزیۆنکانن، زۆربەیشیان دوور و نزیک ئاگاداری فیلم و سینەما نین. ئەوان پێیان وایە ڤیستیڤاڵ پێنتی ناساندنی کورد و دەزی کوردە بە دونیا کەچی پێگەیەکی ئەلیکترۆنی کۆپیکراویان داناوە و پێیان شەرمە زمانی کوردی بە ئەو پێگەیە و ژەرنووسی کوردی بە فیلمە پێخشکراوەکان زیاد بکەن! ئەگەر قەراربێت لە ئێستادا ڤیستیڤاڵێک هەبێت، ئەبێت ئەو ڤیستیڤاڵە لەکاڵی بێت

فیلمە نوخەیی کان هەستەنگەنەت، لە بری خەلات بەخشین و پارە سەرفکردن لە بیانیکاندا، یارمەتی دەرهەنەر و سینەماکارە لەکاییکان بدات و باربەیان بکات.